www.hetaw.net
ژمارە (٨٦١) چوارشەممە ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٠ی زایینی
ئاڵای ئازادی هەموو چوارشەممەیەک

**لەبیرمە دایکو براژنەکەی هەردوکمانیان برد، چوار کچی دیکەشی لێبوو، چوین بۆ سەرکەپکان بۆ جێبەجێکردنی کارەکە، بردینیان بۆ گەرماوێک قاچەکانمانیان بەکراوەیی هێشتەوەو شتێکیان بڕی، یەک لەدوایەک وایان لێکردین، بێ ئەوەی هیچ بەنجێک بەکاربهێنن**




# "تا ئێستا زیاتر لە(١٥٠) گوندی پشدەرو باڵەکایەتی بەهۆی تۆپبارانەوە چۆلکراوە"

## "بەهۆی تۆپبارانەوە ژینگە ناوچەکە زیانی زۆری بەرکەوتووەو زیاتر لەهەزار دۆنم زەوی سوتاوە"

**ئا: فەرمان چۆمانی**

تۆپبارانی ناوچە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان، بە تەنها گوندنشینەکانی ئاوارە نەکردووە، بەڵکو زیانێکی نۆری بە ڕەزو باخی هاووڵاتییانو سروشتی کوردستان گەیاندووە، وەک مەزندە دەکرێت زیاتر لە هەزار دۆنم زەوی سوتا بێتو بەهۆی سەختی ناوچەکانیش دەزگاکانی ئاگرکوژێنەوە نەیانتوانیوە کۆنترۆڵی ئەو ئاگرانە بکەن.

پیرۆت ئەبوبەکر بەرپرسی ناوەندی راپەڕینی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز بە ئاڵای ئازادی وت "لەسنووری پشدەرو باڵەکایاتی بەهۆی تۆپباران، زیاتر لە هەزار دۆنم زەوی لە ڕەزو باخو پاوانو سەوزایی سوتاوە، کە خەڵک بۆ بژێوی ژیانی خۆی چەقاندویەتی".

ناوبراو باسیلەوەشکرد کە تۆپبارانو سنووربەزاندن زۆر دەمێکە لەلایەن وڵاتانی دراوسێ دەکرێتو ئازارمان دەدەن، هەموو وڵاتێک یاساو دەستووری هەیە بۆ پاراستنی سنووری خۆی تەنها ئێمە نەبێت، کە بەداخەوە نەمانتوانیوە سنووری خۆمان بپارێزین، ئەو وڵاتە دراوسێیانە تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆیان بانگێشتیان دەکەن، سنووری هەموو وڵاتێک یا دیوارێکە یا ڕووبارێکە یا ئالایەکە یا باخێکە یا دەشتێکە، بەڵام وڵاتەکەی ئێمە لەگەڵ دراوسێکانمان ناتوانرێت بیپارێزینو ئاسایشی دابین بکەین".

بەرپرسی ناوەندی راپەڕینی کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز وتیشی "ئێستا کە سنووری وڵاتەکەمان تۆپباران دەکرێت چەندین زیانی گەورەی لە ڕووی ئابووریو کۆمەڵایەتیو ژینگەیی لەو گوندانە داوە کە دەکەونە سەر سنوور، لە کاتێکدا ئەو گوندانە ژینگەیەکی پاکو خۆشیان هەیە، لە وەرزی هاوین خەڵک بۆ خۆشگوزەرانی روویان تێدەکات، بەڵام ئەمساڵ لە بەر تۆپباران رێگە لە هاووڵاتییان گیراو تەنها دانیشتوانی گوندەکانیشی تووشی دڵەراوکێ کردووە".

ناوبراو باسیلەوەشکرد "تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ گوندی پشدەرو باڵەکایەتی چۆل بووە بەهۆی تۆپباران، کە ئەمەش زیانێکی زۆری لە ئابووریو ژینگەی کوردستان داوە، زیاتر لە ٢٠٠ سەر مەڕو ماڵاتو ٥٠٠ پەلەوەر بەر تۆپباران کەوتوون، زیاتر لە هەزار دۆنم ڕەزو باخ سوتاون، زیاتر لە هەزار خێزان گوندەکانیان جێهێشتووە، لە کاتێکدا ئێستا وەرزی بەرهەمەکانیانە لەسەر باخو باخاتو مەڕەکانیان بژێوی ژیانیان دابین دەکردو سامانی وڵات بەفیرۆ چووە".

بەبڕوای پیرۆت ئەبوبەکر "ئەو ترسو دڵەراوکییە کە لای هاووڵاتییان دروستبووە، هیچی کەمتر نییە لە برسیەتی، حکومەتی هەرێم نیازی پەرەپێدانی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی هەیە، بەڵام ئێرانو تورکیا پێمان چۆڵ دەکەن، گومانمان لەو باروتەی پاشماوەی تەقەمەنیەکان هەیەو مەترسیو کاریگەری لە سەر ژیانی دانیشتوانی سنوورەکە درووست دەکات، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم پشکنین بۆ ئەو باروتانە بکات نەوەک زیانی بۆ دوا ڕۆژ هەبێت، هەروەها خوێندکارەکانی گوندەکان، کە گوندیان جێهێشتووە بەشێکیان لەوانەیە واز بهێنن، جگەلەوانەش بەهۆی چۆڵکردنی گوندەکان گرفتی نیشتەجێبوون زیاتر دەبێت".

ناوبراو هێمایشی بۆ ئەوەکرد "بەهۆی ئەو تۆپبارانانەوە زیندەوەرەکان تێداچوون، کە بەردەوام ژینگە پارێزن، ئەمەش کاریگەری خراپ جێدێڵێت، کانیاوەکانیش بەرەو وێران بوون دەچن، چونکە ئێستا وەرزی توانەوەی بەفرەکانەو لەگەڵ باروت تێکەڵ دەبێت، ژینگەی ئاو پیس دەبێت، ئەمانە لە ئایندەیەکی نزیک کاریگەریان دەردەکەوێتو هەوای گوندەکانیش وەک شار پیس دەکات، بۆیە ئێمە وەکو کۆمەڵەی کوردستانێکی سەوز داوا لە ئێران دەکەین تۆپباران بوەستێنێو عێراق سنوورەکانمان بپارێزێتو حکومەتی کوردستان پەیوەندی بە وڵاتانو کۆمەڵی نیودەولەتیو رێکخراوەکان بکاتو فشار دروست بکات، ئەگەرنا خەڵک لەبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبێت، لەپێناوی دروستنەبوونی ئاژاوە، دەچن کونسولخانەکان بەردباران دەکەنو بۆخۆیان فشار دروست دەکەن، بۆیە پێویستە ئیران تۆپباران بوەستێنێ نەوەک خەڵک پەنا بباتە بەر کارێکی لەو شێوەیە".

کارمەندێکی ئاگرکوژێنەوەی قەڵادزێش کە نەیویست ناوی بنووسین وتی "ئەو شوێنانە چیاینو ناتوانێ ئۆتۆمبیلەکەمان بیگاتێ بەهۆی نەبوونی رێگایەکی باش، بۆیە ئاگرەکان کۆنترۆڵ ناکرێن".


سروشتو ژینگە بناری قەندیل بەهۆی تۆپبارانەوە زیانی زۆر پێگەیشتووەو پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر جۆری باروتی تۆپەکان بکرێت

# بردمیانو هیچیان پێ نەوتم - شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە

## راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ حکومەتی هەرێم دەخاتە ژێر فشارەوە

**راپۆرتی: شەنکار عەبدوڵا**

ڕێکخراوی هومان ڕایتس وۆچ یەکێکە لەرێکخراوە جیهانییە بەناوبانگەکان، ئەم ڕێکخراوە لەنزیکەی (١٠٠) دەوڵەتدا کارو چالاکیی خۆی ئەنجامدەدات، ماوەیەک لەمەوپێش ئەم ڕێکخراوە ڕاپۆرتێکی لەبارەی خەتەنەکردنی ژنان لەهەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، دنیای ئاگادارکردەوە لەم کردەوە زەرەرمەندە، ئەمەش حکومەتی هەرێمی کوردستانی خستووەتە ژێر فشارەوە، لەبەر گرنگیی ئەم بابەتە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ئەم ڕاپۆرتەی لەو بارەیەوە ئەنجامدا.

لەبیرمە کەدایکو براژنەکەی هەردوکمانیان برد، چوار کچی دیکەشی لێبوو، چوین بۆ سەرکەپکان بۆ جێبەجێکردنی کارەکە، بردینیان بۆ گەرماوێک قاچەکانمانیان بەکراوەیی هێشتەوەو شتێکیان بڕی، یەک لەدوایەک وایان لێکردین، بێ ئەوەی هیچ بەنجێک بەکاربهێنن، من ترسام، بەڵام بەرگەی ئازارەکەم گرت، ئەوان هیچ شتێکیان نەکرد بۆ هێورکردنەوەی ئازارەکەمان، یەک هەفتە ئازارم هەبوو دوای یەک هەفتە هەر دەئێشا، کاتێکیش عادە بووم ئازارێکی زۆرم لەو شوێنەوە پێگەشت. گوڵە س. قوتابیەکی (١٧) ساڵان پڵێنگان، ٢٩ مایسی ٢٠٠٩.

راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ بەو ٨٢ لاپەڕەیەو بەو بەسەرهاتەی (گوڵە س.)دەستپێدەکات.

ڕێکخراوی هیومان رایتس وۆچ لەرۆژی ١٦/١٧ی ٢٠١٠/٦ لەهەولێرو سلێمانی لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ڕاپۆرتەکەی خۆیان بڵاوکردەوە، بەناو نیشانی (بردمیانو هیچیان پێ نەوتم- شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە لەکوردستانی عێراق) لەسەر مەسەلەی خەتەنەکردنی کچان لەهەرێمی کوردستان.

لەراپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچدا هاتووە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری بەردەوام دەربارەی تەشەنەکردنو بڵاوبونەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە بڵاوناکاتەوە، یان ئامادەیی ناکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەکانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩ وەزارەتی مافەکانی مرۆڤ، یەکەمین لێکۆڵینەوەی دەربارەی بڵاوبوونەوەی شێواندنی ئەندامی زاوزێ لەقەزای چەمچەماڵ بەرمەبنای نمونەیەک لە (٥٢١) کچو ژنی خوێندکاری (١١ـ٢٤) ساڵ ئەنجامدابوو، بۆی دەرکەوت (٤٠.٧%) خەتەنەکراون.

هەرلە هەمان ڕاپۆرتدا هاتووە کۆمەڵەی هاریکاری قەیرانو گەشەپێدان (وادی) کەرێکخراوێکی ناحکومی ئەڵمانی عێراقییە بۆ مافی مرۆڤ، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەی بڵاوکردەوە، کە لەماوەی ئەیلولی (٢٠٠٧)و مایسی (٢٠٠٨) ئەنجام درابوو، لێکۆڵینەوەکە (هەولێرو سلێمانیو گەرمیان ـ کەرکوکی)گرتەوە، رێکخراوی وادی (١٤٠٨)دیمانەی لەگەڵ ژنانو کچان ئەنجامداوە، بۆی دەرکەوتوە رێژەی بڵاوبوونەوەی خەتەنە لەنێوان ژنانو کچانی (١٤) ساڵ بۆ سەرەوە (٧٢.٧%). لەو رێژەیە (٧٧.٩%) لەپارێزگای سلێمانییەو (٨١.٢%) لە گەرمیانەو (٦٣%) لەپارێزگای هەولێرە.

ئەمە لەکاتێکدایە وەزیری ئەوکاتی ئەوقافو کاروباری ئاینی (محەمەد ئەحمەد سەعید شاکەلی) بە هیومان رایتس وۆچ گوت "مەسەلەکە ئەوەندە گەورە نییە، ئێمە ناتوانین ناوی بنێین دیاردە، تەنها حاڵەتی تاکەکانە".

لەراپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ کۆمەڵێ چیرۆکی ئەو ژنانەی تێدایە کە خەتەنەکراون، هەروەک لەراپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچدا هاتووە: رەگو ریشەی شێواندنی ئەندامی زاوزێی مێینە لەکوردستانی عێراق زانراو نییە، رەنگە نەریتێکی دێرین بوو بێتو دواتر پاساوی ئاینی بۆ زیاد کرابێت.

لەراپۆرتەکەدا لەزاری چەند کەسێکەوە کە خەتەنەکراون دەیگێڕنەوە بۆفەرمانی ئایینی، هەربۆیە لەیەکەم کاردانەوەی وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینیدا بەتوندی رەدی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچیان دایەوە، لە ڕاگەیەندراوێکەیاندا هاتووە "سەرەڕای ئەوەی گومانمان هەیە لەسەر زۆربەی ئەو داتاو سەرچاوانەی کە سەبارەت بەدیاردەی خەتەنەکردنی ژنان لەکوردستاندا پشتی پێبەستراوە، رەخنەی توندیش لەو برگەیە دەگرێت کەهۆکاری خەتەنەکردنی مێینەی بەستووەتەوە بەفەتوای مامۆستایانی ئایینییەوە، هەر لەم بارەیەشەوە مەریوان نەقشبەندی بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنو وتەبێژی وەزارەتی ئەوقافی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەڵێت "جێگای سەرسوڕمانە، هەندێک کەسو رێکخراو دەیانەوێت بە بەکارهێنانی ناوی ئایینو فەتوای مامۆستایانی ئایینی کوردستان، مەسەلەی خەتەنەکردنی کچان بۆ بازاڕ گەرمکردنو ناشیرینکردنی کۆمەڵگای کوردی بەکاربهێنن، ئەم نیگەرانیەشمان راستەوخۆ بەخاتوو (نادیە خەلیفە) گەیاندووە.

نادیە خەلیفە بەرپرسی بەشی ئافرەتانی رێکخراوی هۆمان رایتس وۆچ، لە ساڵی (٢٠٠٩) دەستی کردوە بە ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە، لە دوو گوندی گەرمیانو ڕانیەو هەڵەبجەوە دەستی پێکرد، سەرەتا دەستمانکرد بەچاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی کە خەتەنەکراوون، هەروەها چاومان کەوت بە مەلایانی ئایینیو کارمەندانی تەندروستی، بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئافرەتانەی، کە خەتەنەکراون سەریان سوڕماوە لەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە خەتەنەکراون، لایان وابوو ئەمە شتێکی کەلتورییەو لەباو باپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە.

هەندێکی تریان وایان دەزانی پەیوەندیی بەئاینییەوە هەیەو دەبێت ببێت، ئەوپزیشکانەشی کەقسەمان لەگەڵ کردن وتیان جۆری یەکەمی خەتەنەکردن باوە، جۆری دووەم کەزیاتر دەبڕێت زیاتر لەنەخۆشخانەکان ئەنجامدەدرێت، چونکە پێویستی بەنەشتەرگەری هەیە، ئەو ئافرەتانەی کەخەتەنەکراون زانیاری هەڵەیان وەرگرتبوو لەلایەن زانایانی ئایینییەوە، هەروەها پزیشکەکانیش پێیان نەوتوون، کەخەتەنەکردن چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەریانو جارێکی تر ناتوانن چاکی بکەنەوە.

ئەو راپۆرتەش کۆمەڵێ ئامۆژگاری تیایە بۆ حکومەتو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، پێویستە وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ستراتیژێکی درێژ خایەنیان هەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پرۆسەیە، پێویستە پەرلەمانی کوردستانیش یاسایەک بۆ قەدەغەکردنی خەتەنەکرد دەربکات، یەکێکی تر لە ئامۆژگارییەکانی ئێمە ئەوەیە کەپێویستە کەمپەین بکەین بۆ بەگژداچونەوەی ئەم دیاردەیە لەکوردستاندا، ئەوەی جێگای خۆشحاڵییە دیدارمان لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکانو لیژنەی مافەکانی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان کردووەو وەڵامیان ئیجابی بووە، بۆیە پێویستمان بەفشاری زیاتر هەیە لەسەر حکومەت بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی ئەم کارە نەشیاوە ببینەوە، بێدەنگ نەبین لەسەر ئەم کارە دزێوە، هەمومان بەرپرسیارین لەم کارە، بۆیە پێویستە هەمومان رووبەرووی ئەم کارانە ببینەوە، دڵنیاشم بەم شێوەیە رووبەرووبونەوەی لەماوەی پێنج ساڵدا دەتوانین بنبڕی بکەین.

ئەمە لەکاتێکدا رێکخراوی تەندروستی جیهانی (who)بەیاسا لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تردا لەساڵی (١٩٩٧) ڕاپۆرتێکی هاوبەشیان دەرکرد بۆ ئەوەی قسە لەسەر ئەم دیاردەیە بکەن، (who)لەزۆربەی ئەو وولاتانەی کە خەتەنەکردنی ئافرەتانی تێدا دەکرێت، کارمەندانی تەندروستیش هاوکارن لەم خەتەنەکردنەداو بگرە ئەوان زیاتر دەیکەن، بێجگە لەوەش مامانو هەندێک کەسی دیکە خەریکی خەتەنەکردنن.

شەونم محەمەد ئەندامی لیژنەی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان دەربارەی خەتەنەکردنی مێینە بەئاڵای ئازادی ڕاگەیاند: خەتەنەکردنی مێینە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤدا نایەتەوە، پەرلەمانی پێشوو ڕاپۆرتێکیان ئامادەکردووە، بەڵام دەنگی نەهێناوە، بەڵام ئێستا لیژنەی ژنان لەپەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکمان ئامادەکردووەو هیواداریـن هەموان دەنگی بدەنێ، بۆ ئەوەی بەیاسا قەدەغەی ئەم کارە بکەین، پێویستە هەر پەرلەمانیش خۆی چاودێری یاساکە بکات.

فەلاح موراد خان بەرپرسی ڕێکخراوی وادی لەعێراق لەم بارەیەوە بەئاڵای ئازادی ڕاگەیاند: بێگومان هاتنەناوەوەی هیومان رایتس وۆچ زۆر گرنگە، چونکە یەکێکە لەرێکخراوە گەورە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ، هیومان رایتس وۆچ ساڵانە ڕاپۆرتی خۆی بڵاودەکاتەوە لەسەر مافەکانی مرۆڤ لەجیهاندا، ئێمە وەک ڕێکخراوی وادی ماوەی شەش ساڵە کار لەسەر خەتەنەکردنی ژنان دەکەین، بەڵام نەمانتوانی بەزۆر کەناڵی جیهانی بگەیەنین، بەڵام لەگەڵ بڵاوبونەوەی راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ زۆربەی کەناڵە جیهانییەکان بڵاویان کردەوە، ئەمەش جارێکی تر حکومەتی هەرێم دەخاتەوە ژێر فشارەوە بۆ کارکردنی جدی لەسەر ئەم بابەتە، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە حکومەت بەیاسا قەدەغەکردنی مێینە چارەسەر بکات.



هیومان رایتس وۆچ راپۆرتی خۆی لەسەر خەتەنکردنی مێینە لەهەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە